فاتمه عومەر عیزەت لەگوندی هۆمەر قەوم :

**ڕۆیشتم بۆماڵی ئاغاکه و پێمگوت کوا کوڕەکانم ؟ لەتاوی کوڕەکانم سنگیم کرت و راموەشاند، وتم چۆن تۆ من ناناسی؟ ئێستاش واسکاڵام لەسەر تۆمارکردووە**

دیمانه : عومەر محەمەد

دیمانه لەگەڵ کراو: فاتمه عومەر عێزەت .

ڕێکەوتی ٢/١٢/ ٢٠١٤ .

شوێن : هۆمەر قەوم ماڵیی دیمانه لەگەڵکراو .



لەرۆژێکی هەتاوی سەرەتای مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ برای خۆشەویست کاک فەرەیدون چاوشین بە پیکابە دەبڵ کابینەکەی ئەو بە نیازی دیداری خانەوادەیەکی ئەنفالکراو چوین بۆگوندی قۆمەرقەوم لەبن چیای سەرکەشی دابان و چیای چەرماوەند.

هۆمەرقەوم گوندێکی خنجیلانەی دڵگیرە بەتەنیشت ناحێی سورداش و رۆژئاوای گوندی شەدەڵەوە، لە کۆتایی دۆڵی گەشتیاری مێرگەپان و بەرانبەر کلکەی چیای سەرکەشی پیرەمەگرون رووەورۆژ لەنگەری گرتووە.

ئەم گوندە هەژارنشینە لەپەلامارەکانی ئەنفالی قۆناغی یەکەمدا خەڵکەکەی ئاوارەی ئێران بوون، بەڵام بە پروپاگەندەی لێبوردنی گشتی گەراونەتەوە بۆ نیشتمان و سەرئەنجام ١٨ کوڕی

گەنجیان خۆیان رادەستی جاشەکانی برایماغا[1] دەکەن و ئەویش رادەستی ئیستخباراتی تیپی ٢٤ی چوارقورنەیان دەکات و هەموویان ئەنفال دەکرێن.[2]

دەمێک بوو بەڵێنم دابوو سەردانی خانەوادەی ئەنفالکراوانی گوندی هۆمەرقەوم بکەم، سەرئەنجام پاشئەوەی گەیشتینە گوندمامۆستا شۆخان بەئۆتۆمبیلێکی ئۆپڵ هاتە پێشوازیمان و پێشمان کەوت بۆ بەردەم حەوشەو ماڵێکی دڵگیر .. ماڵی حەمە ئەمین حەمە سەعید و فاتمە عومەری هاوسەری لەوێ پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێکردین، دیاربوو پێشوەخت مامۆستا شۆخانی کچیان کورتەیەکی لەسەر گۆڤاری ئەنفالستان بۆ باسکردبوو، بۆیە پێویستی بەو پێشەکیە نەکرد کە پێیان بڵێین ئێمە کێین و ئامانجمان لەم دیدارە چیە . هەر زوو کامێرامان دابەست و چونینە ناو دیدارەکەمانەوە ئەوەی لێرە دەیخوێنیتەوە دیدارە لەگەڵ ژنێکی تەمەن هەڵکشاوی بەرەحم وپرلە سۆزی دایکایەتی کە ئەنفال لەناوەوەرپا هەڵیتەکاندووە.

**ئەگەر لەسەرەتاوە لەناوی سیانی خۆتەوە دەست پێبکەین باشترە پێم بڵێ ناوی سیانیت چیە ؟**

فاتمە عومەر عیزەت

**لەبنەرەتەوە خەڵکی هۆمەر قەوم بوون؟**

خەڵکی هۆمەر قەومم و بن و بنەچەی دایک و باوکم ئەم هۆمەر قەومەیان دروست کردووە

**ساڵی چەند هاوسەرگیرت ئەنجام داوە ؟**

ساڵی 1959

**پێش شەوەی تۆ شوو بکەیت ئەم دێیە چەند ماڵ دەبوو ؟**

نزیکەی شەست ماڵ دەبوو.

**ئەوسا کەتۆ منداڵ بووی ئەم گوندە چۆن بوو ئەوەت لەبیرماوە ؟ ناودێیەکە هەروەک ئێستا بوو یان خانووەکانی جیاواز بوون ؟**

ماڵی ئەوکاتە بچوک بوون ژورێکی بچوک ماڵێکی تێدا بوو، مەگەر کەسێکی وەک ماڵی باوکم خانویەکی گەورەیان هەبووبێ .

**خانوەکەی ئێوە چەند ژور بوو ؟**

سێ ژوور بوو لەگەڵ مەتبەخێک

**بەچی دروستکرابوو ؟ بەبەردوقور یان بەخشت ؟**

بەبردو قور دروستکرابوون ئەوکاتە وەک ئێستا بلۆک وشت نەبوو .

**بژێوی ژیانتان لەسەر چی بوو ؟**

باوکم موڵک و رەزو ماڵات و فەلاحەتی باشی هەبوو

**ژیانی ئەوکاتە خۆشتر بوو یاخود ئێستە ؟**

ژیانی ئەوکات زۆر زۆر خۆش بوو

---

[1] برایماغا ئێستا لەهەولێر لە شاری هەولێر دادەنیشیت و لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە داڵدەدراوە .

[2] تیپی ٢٤ ئەوسا سەربە فەیلەقی پێنجی سوپا بوو فەرماندەییەکەی لە چوارقورنە بوو لەسەر رێگای گشتی رانیە چوارقورنە فەرماندەی تیپەکە ناوی عەبد عون بوو پیاوێکی بەعسی توندرەفتارو دڵرەق بوو، لەپەلامارەکانی ئەنفالدا رۆڵێکی درندانەی بینی وزۆربەی ئەوکەسانەی ئەنفالکران لەم فیرقەیەوە ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێرو لەوێشەوە رەوانەی تۆپزاوا کران .

**ئەم دێیە تا کاتی ئەنفال مابوو ؟**

هەنـدێکی ڕێۆشـتبوو وە هەنـدێکی مــابویەوە و ئەوانەش کە ڕێۆشـتبوون یەکێکیـان لە سـەرماڵ مابوەوە

**ئەوانەی کە ڕێۆشتبون بۆ کۆێ چوبون ؟**

بۆ سلێمانی

**پێش ئەنفال حکومەت پێی وتبون وەرن بۆ موجومەع ؟**

بەڵی پێگوتبووین .

**ئێوە ڕۆیشتن ؟**

نا ئێمە نەڕۆیشتین

**ئەم گوندەی ئێوە پێش ئەنفال چەند جار روخێنراوە و تۆپ باران کراوە ؟**

ڕۆژی چەند جارێک تۆپ بـاران دەکراین و خـۆم و منداڵەکانم دەچـوینە نـاوتونێلەوە و بەڕۆژ بە تەیارە و تۆپ و بە شەویش تۆپ باران دەکراین و ئەم دێیە لە سـاڵەکانی شەستەکانیشـدا جارێک سوتێنراوە .

**لەسەردەمی کێدابوو ؟**

زەعیم صدیق

**چەند ماڵ سوتێنرا**

دووکۆلان سوتا

**ئەی لەسەردەمی حکومەتی بەعسدا ؟**

یەکجار

**پێش ئەنفال چەند کەس لەم دێیەدا شەهید بووە ؟**

یەکەم کەس صدیقی کوێخا ئەمین لەم شـاخە بە تۆپ بـاران شـەهید بوو موالیدی 1967 بـوو وە برازایەکیشم شەهیدبوو

**برازاکەت ناوی چی بوو ؟**

حەمە صالح

**بەچی شەهیدبوو ؟**

سایەق بوو حکومەت لە ماڵی خۆی لە دوکان گرتی و شەهیدی کرد

**نازانیت کێ گرتی ؟**

با چۆن نازانم عەبە کەرکوکی .[3]

**تەنها برازاکەت یان خەڵکی تریشی گرتبوو؟**

شەش سایەقی تریش بوون هەر یەکە و لە شوێنێک گرتنبوونی ؟

[3] عەبە کەرکوکی پیاوێکی بەدناو بوو لە شاری سلێمانی دادەنیشت فەرماندەی مەفرەزەی تەواری بوو کە دەستەیەکی بەدکارو بەدرەفتاری سەربە دائیرەی ئەمنی سلێمانی بوون لەساڵی ١٩٨٧ دوای ئەوەی ناوچەی قەدەغەکراو ڕاگەیەندرا بۆ چاوترساندنی ئەوانی دی حەوت شوفێری ناوجەی سورداشیان گرتوو گوللە بارانیان کردن . کەسوکاری قوربانیەکان هەموو جەخت لەوە دەکەنەوە کە عەبەکەرکوکی گرتبوونی و دواتر دائیرەی ئەمنی سلێمانی گوللەبارانی کردبوون .

**لەبەرچی گرتبوونی ؟**

تەنها لەبەرئەوەی هاتوچۆی ئەم دێیەیان دەکرد ؟

**ناوی ئەوانەی تر دەزانیت ؟**

بەڵێ حاجی رەسول خەڵکی سەرگەڵوو بوو و عەتاری مینە رەحە، خەڵکی گوندی تیمار بوو، کوڕی کوێخا گورونی گوێزیلێ و جەمال مستەفا خەڵکی سەرگەڵوو بوو، کوڕی مستەفای فاتانی بوو، هەروابێتەوە شەریف قەرەنگوییش بوو.

**هەمویان پێکەوە گوللەبارانکران ؟**

بەڵێ ئەوانە هەموو سایەق بوون .

**ئێوە نەتاندەزانی وەزعاتان خراپ دەبێت و دەبێ بیرێک لە حاڵی خۆتان بکەنەوە ؟**

لەگەڵ ئعیدام کردنی ئەواندا خەڵکەکە کەوتنە جموجۆڵ و هەریەکەو بەلایەکدا ڕۆیشتن

**ئێوە بۆ کوێ ڕۆیشتن ؟**

عەسر تۆپ بارانی کردین وکاتی نانی ئێوارەش دەستی پێکردەوە، من لەگەڵ کوڕێکم چوین بۆ شەدەڵەودوو کوڕم بە قسەیان نەکردم هەر لێرە مانەوە

**ناویان چی بوو ؟**

جەمال وجەلال لێرە مانەوە ، ڕۆژی دوای ئەوە لەوێ قەومابوو وە تا شەو لەوێ مابونەوە و دوای ئەوە گاگەلێکمان هەبوو هێنایان بۆ شەدەڵە و ئەو شەوە لەوێ بووین و بۆ بەیانیەکەی شەدەڵش گیرا.

**کێ گرتی سوپای دەوڵەت ؟**

لەلایەن جاشە هەولێریەکانەوە گیرا .

**ئەوەی تۆ باسی دەکەیت کاتی ئەنفالە من مەبەستم پێش ئەنفالە واتا دوای گوللەبارانکردنی حەوت شۆفێرەکە ؟**

پێش حەوت کەسەکە لە سورداش شەرێێک بوو عەلی بەگ و سامی کوژران و دوای ئەوە چوینە مێرگەپان دوای ئەوەش چوینە سەرگەڵوو .

**ئەم دێیە چەند کەسی ئەنفالکراوە ؟**

نۆزدە کەسی ئەنفالکراوە .

**چەندیان کوڕی تۆن ؟**

سیانیان کوڕی منن

**ناوی کوڕەکانت چیە ؟**

جەمال وجەلال و نورەدین باوکیشیان ناوی حەمە ئەمین سەعید.

**موالیدیان چەند بوو**

جەمال 1965 ، جەلال 1967 ، نورەدین 1969

ژنیان هەبوو ؟

نورەدین ژنی هەبوو، کوڕێکی شەش مانگی هەبوو ناوی هەژار بوو.

**ئەی هەژاریش ئەنفالکراوە ؟**

لەکاتی ئەنفالەکەدا لە گوندی کانی توو لای ئاوەژێ لە بەفردا ڕێەق بوویەوە

**هەژار بە ئەنفال ناونوسکراوە ؟**[4]

نوسراوە بەڵام مامەملەم بۆ نەکردووە .

**چۆن نوسراوەو مامەڵەت بۆ نەکردووە ؟**

نوسراوە بەڵام مامەڵەی موچەمان بۆ نەکردووە .

**تاکەی هەواڵی کوڕەکانت دەزانی ؟**

لە دوای سەرگەڵوو بە پێ بە دۆڵی شێخ محەمەدا چوینە ئێران هەمووی بەفر و قەهار بوو پێشمەرگە بەفرەکەی بڕیبوو دەیانزانی ئەوە ڕێوو دەدات، دوای ئەوە چوینە شاناخسێ و مەروێ و لە قورێەکەی خەندەکە لە کوڕەکانم دابڕیام وە لەوێ خەڵکیان بە شۆفڵ دەپەڕیاندەوە وماوەیەک بە پێ ڕێۆیشتین ئینجا من چومە پیکابێکەوە و لەرزم لێهات و بردمیانە پێشی پیکابەکە تا باش بووم ، کەسێکی تر لەرزی لێهات وتیان دابەزە با ئەو بێتە شوێنت، لەو کاتەدا نورەدینم بینی لە لۆریەکدا وتم ئەوە کوڕەکەمە بۆم بانگ بکەن ئەویش بە باوەش بردمیە ناو لۆریەکە تا گەشتمە شاخانسێ و مەروێ هەموو گیانم ڕێەق بوبوو کوڕەکانیشم بە دوامدا دەگەڕیان وایانزانی بوو من مردووم و کە دۆزیمیانەوە بە باوەش دایانگرتم و پشتیان کردمە ئاگرەکە تا گیانم خاو بێتەوە و جەمال پیاڵەیەک چای هێنا و بە کەوچک دەیکرد بە دەممەوە تا گەرمم بێتەوە و ڕۆژی دوای ئەوە بە گەڵابە بردیانین بۆ مەریوان و ئافرەتەکان چوینە ماڵێک چوار بۆ پێنج ڕۆژ لەوێ بوین و دوای ئەوە چوینە دێیەک خەڵک خواردنی پێدەداین

**ناوی دێیەکە چی بوو ؟**

دێی گەناو، دوای ئەوە چوینە سەردەشت و لەوێوە چوینە دێیەیەکی تر بەڵام لەوێ نەماینەوە و هاتینەوە بۆ سەردەشت و لەوێ بیستمان وتیان عەفوات دەرچووە، دوای ماوەیەک هاتین بۆسونێ وبە شاخێکی بەفراویدا بە ڕێەزگەدا تێپەڕیین هەتا سەنگەسەر وتیان لەوێ ئاغایەکی باشی لێیە کە ئێمە گەیشتین ئەو چووبوو بۆ بەغدا کوڕەکەی تاپڕێی پێدا تەقیبوو، بە کوڕەکانیان وتبوو دوای پانزە ڕۆژ تەسلیمتان دەکەینەوە بەڵام ئەو ئاغایە بە منی وت نەکەیت تەسلیمیان بکەیتەوە بەڵکو چارەسەرێکیان بکە ئەوە بوو چومە دێکەی کوێخا پیرۆت کوڕێکی لێبوو وتی بۆ کوێ دەچیت وتم بۆلای کوێخا پیرۆت وتی بۆچی وتم خاڵمە سەیارەیەکی پێبوو وتی سەرکەوە سواری سەیارەکەی بووم چومە لای ئەویش وەرەقەی بۆ هەمویان کرد و هەتا گەڕیامەوە بردبویانن تەسلیمیان کردبوونەوە

**کە تەسلیمی کردبونەوە بۆ ئەوەبوو کە چاکەت لەگەڵ بکات یان بفەوتێن ؟**

بۆ ئەوەی بفەوتێن

**ئەی نایات پێتان بڵێ من چاکەم لەگەڵ کردوون نەمدەزانی ئەوە ڕوودەدات ؟**

نەخێر بەڵکو دەبێ بڵێ کە فرۆشتمن ، دوای بیست لەگەڵ کچە بچوکەم ناوی ئەرخەوان بوو ڕۆیشتم بۆ ماڵی ئاغاکە و پێم وت کوا کوڕەکانم تۆ وتت پانزە شەو بەڵام ئەوەبوو بە بیست شەو

---

[4] لەپەلاماری ئەنفالی یەکەمدا نزیکەی ١٢٠ کەس لە چیای کانی توو لەبەفردا ڕەقبوونەوەو مردن ئەمە جگەلەوەی خەڵکێکی زۆرتر لە ناو بەفری چیاو کوێستانەکان لە شوێنی تر ڕەقبوونەوەو تەرمەکانیان دەست نەکەوتنەوە .

وتی ناتناسم منیش لەتاو کوڕەکانم سنگیم کرت و ڕیاموەشاند، وتم چۆن ناماناسی من ئەو کەسەم کە وەرەقەکانم بۆ کوڕەکانم هێنا ئەویش وتی کوڕی چی؟ ئەوەبوو منیش هاتمەوە و سێ جاری تر ڕۆیشتمەوە بەلاّم هەر نەبوو، منیش کۆڵمدا و وازم هێنا (من ئێستە ئەڵێم ئەو زۆر بێ ئەقل بوو کە ئەو کات منی نەکوشت چونکە ئەو توانی ئەو هەموو کەسە لەناو ببات بەلاّم منی لەناو نەبرد، من ئێستە مودەعیم بەسەریەوە سکالاّم لەسەر تۆمارکردووە)

**تۆ نەگیراویت و نەبراویت بۆ نوگرە سەلمان ؟**

ئەو نەیدەزانی کە منیش لە ئێران بووم .

**کێ ی تر لەگەڵ کوڕەکانت گیران کە تۆ بیانناسیت ؟**

سێ کوڕی خاڵۆزایەکم و محەمەد و رحیم و حمە شوکر و سالار ئامۆزای ئەوان بوو وە صەمەدیش ئامۆزایان بوو کامەران پورزایان بوو، بورهان و سەعید پورزام بوون، قادر ئامۆزامە و مەلا و کوڕەکەی و عوسمان و عەتار و عومەر و شەفیق و رەفیق .

**ئەوانە هەموویان لە سونێ پێکەوە گیران ؟**

هەمویان لە ماڵی هەباس بوون ئەو پیاوی چاک بوو بەلاّم خۆی لەوێ نەبوو بەڵکو برایم ئاغا تەسلیمی کردن.

**ئێستە برایم ئاغا لە کوێ یە ؟**

لای کاکە مەسعودە .

**دوای ئەوە سۆراغیان نەما ؟**

نە ئێستا و نە ئەوسا بەڵکو هەر بە خەون دەیان بینم بەلاّم ئەو شەوەی کە تەرمەکانیان هێنانەوە بۆ دوکان خەونم پێوە بینین هەر سێکیان هاتنەوە بۆماڵێ جەمال گووتی دایە ئێتر خەفەت مەخۆ ئەوە هاتینەوە منیش وتم ئەی جەلال و نورەدین کوان وتی ئەوە لە دواوەن و هەر سێکیان هاتنە ژوورەوە و وتم ئەی هاورێێکانتان وتیان دایە بە چاوی خۆت جەنازەکانیان دەبینیت و تەنها ئێمە ماوین .

**تا کەی چاوەڕێوانت کردن ؟**

تا ئەو شەوەی هاتنە خەوم و پێیان وتم .

**تۆ بەوە دڵنیابوویت کەئیتر نەماون ؟**

بەڵێ دڵنیام

دڵنیایت کە تەرمی کوڕەکانت لەناو ئەو روفاتانەن کە هێنرانەوە بۆ مەزاری ئەنفالکراوان و ئێستا لە قەزای دوکان بەخاک سپێردراون ؟

بەڵێ دڵنیام .

**چۆن دڵنیایت ؟**

لەبەرئەوەی هاتنە خەوم و پێیان وتم

**بە قسەکانتدا دیارە مانای ئەوەیە لەکاتی هەڵدانەوەی گۆرەکاندا هیچ دەلیلێک نەبووە کە پێتان بڵێن ئەمە کوری ئێوەیە ؟**

نەخێر

**ئەوکاتەی سەدام و عەلی حەسەن مەجید دادگایی کران کەس بە تۆی نەگوت کە برۆیت بۆ بەغداو شایەتی لە دژیان بدەیت ؟**

نەخێر

**پێت خۆش بوو تۆش بچیتە دادگاو شایەتی بدەیت ؟**

ئەی چۆن بەڵام نەیان بردم کەس پێی نەگووتوم .

**بە بۆچونی تۆ کێ ماوە دادگایی بکرێت ؟**

موستەشارەکان

**دادگا داوای کردون و هەر دەبێت بچنە بەردەمی دادگا.**

ئەمە کەی ، کاتێک کە ئێمە مردین .؟!!

**کێ خەتا بارە کە ئەوان ناچنە بەردەمی دادگا ؟**

حکومەت .

**کام حکومەتەیان ؟**

ئەوەی خۆمان .

**وتت سکاڵام لەسەر برایماغای تۆمارکردووە ؟**

بەڵێ مودەعیم لەسەری .

**بێجگەلە تۆ کێی تر لەکەسوکاری ئەنفالکراوان سکاڵایان لە دژی تۆمارکردووە ؟**

**ئێکەشن هەر من نیم .**

**هەندێ کەس مووچەی ئەنفالکراوەکان وەردەگرێت بەڵام بۆ خۆی خەرجی ناکات بەڵکو لە کاری خێرخوازیدا بەکاری دەهێنن ئەو کارەت پێ چۆنە ؟**

بەڵێ دەزانم زۆر کارکی باشە، منیش بەو شێوەم چونکە ناتوانین ئەو پارەیە بخۆین .

**ئەی چی لێدەکەیت ؟**

دەیکەم بەخێر بۆیان دەیدەم بەمزگەوتێ .

ئەی هەندێک جار رەنگە هەرکەسوکاری ئەنفالیش بن پێویستیان پێی بێت بۆنمونە من منداڵ دەزانم لەبەر بێپارەیی وازی لەخوێندن هێناوەو کەسێک هاوکاری کردووەو گەراوەتەوە سەر خوێندنەکەی ؟

**ئەوەش خیرە بەشی ئەوانەش دەدەم .**